

# ســــــایــە

سیگاردی سەفەر مەخەرە سەر گەردنی تویّ تویّی

ئەم ویّستگەیە... هانا

رۆحت لەبۆنی گیّوژو نیگای گوڵە بەرِۆژەو هەناسەی

بەفر خاڵی مەکەو

خۆت مەدە دەس سەوڵەکانی ئەم کەشتیّوانە

غەوارەیە

دەزانم تا چاو برِکات نزای دووگوردو نیّڵەی

هەناسەی پاسارییەکانو

کەفو کوڵی خوشکەکانمانە

دەزانم تاتوانیت نەزیفی حەسرەت بووی

لەسەر تەنافی نیّو ماڵەکان پاکیزەییت دەگوشرا

تاچك بووی

تیّدەگەم برژۆڵەکانت بەسەر روانینەکاندا

هەڵوەرین

روانینیّك وەك گغەی ساواکانو ورِیّنەی پیرەکان

لیّی نەگەیشتین

هەرچی بەرامەی بارانیش بوو هەڵما





دویّنیّ لەپاشەرِۆکی زەمەندا بەدەم گریانیّکی

نەشازەوە لەدایك بووی

بەچنگی مامانی زیندەگی دەتزریکاند

زەمەن بەمەقەستی قەدەر ناوکی هیواتی برِی

هەر گەلاّ زەردەکانی عومر بوو عەورەتیان پۆشی

هەر دەستە زبرەکانی بوون بوو گوانی

خۆشنوودیتیان دۆشی

لەبەرگی لیمۆیەکدا پاکیان کردی و موچورکیّك

وەلەشیاندا نەهات

سیّوە لاسورەی خەونەکانت لەگۆناتا کاڵ بوونەوە

وەلیّ مەردی خوابەو پەژیوانبە

من بەتەنیّ لەم دۆڵە خوساوەدا فتیلەی کامەرانیم

پیّ هەڵناکریّ

من بەتەنیّ لەم شۆستە دڵشکاوەدا نیگا

چەتونەکانی کورِانم بۆ ناژمیّردریّ

ئەو کورِانەی تامردن دەبنە کیّلیّك سەهۆڵی تەماشا

سەفەر وەك ساڵیّکی تووشو تەزیو

گویّسە بانەی خەونەکانی کردە چلوورە

هەرچی ئاونگی سەر قەفی هەنگاومانە بەستویەتی

هەرچی چۆلەکەی سەرئالیەرەکانی روحمانە رچیون

سۆندە دریّژەکانی حەوشەی جووڵەشمان رەق رەق

بوونە

سەفەر چۆتە نیّو خویّنو دەمارو ئیّسکەکانەوە

ئیّمە ئالوودەی سەفەرین یان سەفەر بەقوولاّیی

بیرەکانی تیاچوون قوتی داوین؟

هاوار بەماڵم من بەتەنیّ بەرگەی ئەم مۆسیقا

خەمناکە ناگرم

باوشیّك تەزینم بۆ کوشیّکی گەرم پیّنابریّ

